## تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی

# ڤێرسای و سێڤر و لۆزان



بڵێسە جەبار فەرمان




سەد ساڵی ڕابردوو سەدەی گۆڕانکارییە گەورەکانی مێژوو بوو. سەدەی هەدوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان و سەدەی ڕێککەوتننامە پڕ غەدرەکانی مێژووی گەلان بوو. سەدەی بیستەم لە ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا بە سەدەی شەپۆلانی مەزن دادەنرێت. با لەجەنگی سەرەتای سەدەوە دەست پێ بکەم.

جیهان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، ئاڵوگۆڕێکی زۆری بە خۆیەوە بینی. جەنگی یەکەمی جیهان لە ١٩١٤/٧/٢٨ دەستی پێ کرد، لە ١٩١٨/١١/١١ دانوستاندن دەستی پێ کرد و جەنگ کۆتایی هات. لەم جەنگەدا ٤٠ وڵات بەشدار بوون و شەڕەکە بووە هۆیماڵوێرانییەکی زۆر بۆ مرۆڤایەتی و کوژرانی ١٧ ملیۆن مرۆڤی لێ کەوتەوە. لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، ئیمپراتۆرییەکان ڕووخان، زۆرێک لە شانشینەکان بوون

بە کۆماری و چەندین وڵاتی تازە دروست کران. نەخشەی بەشێک لە جیهان ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە بینی. بێگومان دروستبوون و لەناوچوونی ئەم وڵاتانە، دەرئەنجامی چەندین پێشهاتی ئاڵۆزن. لە دەرئەنجامی ئەم پێشهاتانە چەند هاوپەیمانییەک دروست بوون کە دیسانەوە بوونە هۆی واژۆکردنی چەند پەیماننامەیەک و هەڵوەشاندنەوەی هەندێکی تر.

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، دانوستاندن دەستی پێ کرد و لە ١٩١٩/٦/٢٨ پەیماننامەی ڤێرسای لە نێوان وڵاتانی براوە و دۆڕاوی جەنگدا واژۆ کرا. لەم پەیماننامەیەدا ئەڵمانیا بەرپرسیارێتیی یەکەمی جەنگی گرتە ئەستۆ و دەوڵەتی عوسمانی واژۆی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی وڵاتەکەی کرد، ئەمەش ناڕەزایەتییەکی زۆری هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەی لێ کەوتەوە و دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی نازییەکان لە ئەڵمانیا و نەتەوە پەرستەکانی تورکیا بە سەرۆکایەتیی کەمال ئەتاتورک.

تورکیا بۆ ڕزگاربوون لە پەیماننامەی ڤێرسای، خۆی دایە پاڵ هاوپەیمانیی سیانیی براوەی جەنگ. هاوپەیمانیی سیانی (Triple Entente) بریتی بوو لە هاوپەیمانیی نێوان ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و کۆماری فەڕەنسا و شانشینی بەریتانیا. وشەی (Entente) وشەیەکی فەڕەنسییە و بە واتای دۆستایەتی و لێکتێگەیشتن دێت.

تورکیا بە نزیکبوونەوەی لەم وڵاتانە، توانیی خۆی لە پەیماننامەی ڤێرسای ڕزگار بکات و بچێتە ناو پەیماننامەیەکی ترەوە بە ناوی

> پەیماننامەی سێڤر پەیمانی ئاشتی بوو لە نێوان وڵاتانی براوە و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا

پەیماننامەی سێڤر (Sèvres)، کە بۆ تورکیای دۆڕاوی جەنگ باشتر بوو لە پەیماننامەی ڤێرسای. پەیماننامەی سێڤر لە لایەن چەند وڵاتێکەوە نووسرایەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو نەتەوە و ئایینزایانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژیان و دروستکردنی سنووری نوێ و ئۆتۆنۆمی و پاراستنی مافەکانیان. پەیماننامەی سێڤر پەیمانی ئاشتی بوو لە نێوان وڵاتانی براوە و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. وڵاتانی براوە بریتی بوون لە دەوڵەتانی فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، شانشینی بەریتانیا، ئەرمینیا، بەلجیکا، یۆنان، پۆڵۆنیا، پۆرتوگال، ڕۆمانیا، چیکوسلۆڤاکیا و وڵاتانی یوگسلاڤیا، شانشینی حیجازی هاشمی.

لە ١٩٢٠/٨/٢٠دا پەیماننامەی سێڤر واژۆ کرا. شەریف پاشاوە نوێنەرایەتیی کوردی دەکرد. بەگوێرەی بەندی ٦٢ی ئەو پەیماننامەیە، سنوورێکی خۆبەڕێوەبردن بۆ ناوچەکانی کورد دادەنرێت، هەروەها ئەندامێتی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان.

> مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ که کورد بەم دابەشبوونە نەك ڕازی نەبووە، بەڵکو بەرگرییشی لە خۆی کردووە و شەڕی بەرگرییش ڕووی داوە

کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم – League of Nations) ڕێکخراوەیکی نێودەوڵەتی بوو و ساڵی ١٩٢٠ و لە ئاکامی پەسەندکرانی پەیماننامەی ڤێرسای، بە ئەندامێتیی ٤٢ وڵات دامەزرێنرا. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٤٦دا، دوای جەنگی دووەمی جیهان و دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵوەشایەوە.

لە بەندی ٦٢ی پەیماننامەی سێڤردا هاتووە کورد ناوچەی ئۆتۆنۆمیی خۆیان دەبێ و لە بەندی ٦٤دا باس لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەکات، بەو مەرجەی دوای ساڵێک لە ئەندامبوونی کورد لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بیسەلمێنن کە زۆرینەی کورد داوای سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەت دەکەن. لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا، ویلایەتی موسڵ دەبـووە بەشێک لەو دەوڵەتە.

لێرەدا نامەوێ باسی ئەو هۆکارانە بکەم کە بوونە هۆی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی و لەناوبردنی ئەو هەلە زێڕینەی گەلەکەمان، بەڵکو دەمەوێت باس لە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی مێژوو و ئەو بەرپرسیارێتییە قورسەی کەوتووەتە سەر شانی سیاسەتمەدارانی ئێستای گەلەکەمان، بکەم.

دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و پارچەپارچەبوونی، گرووپێک سەری هەڵدا کە دژی داگیرکاریی شانشینی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا بوو کە خۆیان بە شۆڕشی ئیستقلالییەت ناوزەد دەکرد. ئەم گرووپە دەستی دایە چەک و پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبوو، کە سیاسەتمەدارەکانی وڵات ئەنجامیان دابوو. جەنگیان لەگەڵ یۆنان بەرپا کرد و توانییان لەو جەنگەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنن.

ئەم جەنگە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٢ی خایاند، زیاتر لە چلهەزار یۆنانی کوژران و نزیکەی پەنجاهەزاریش بێسەروشوێن بـوون. ئەمە بـووە هۆی ئەوەی بەریتانیا نێوانگیری لە نێوان یۆنان و تورکیادا بکات. بردنەوەی جەنگەکە لە لایەن تورکیاوە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سێڤر و بیرۆکە و نووسینەوەی پەیماننامەی لۆزان.

پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣/٧/٢٤ لە شاری لۆزانی سویسرا و لە (پەلەیس دێ ڕۆمین – Palais de Rumine) واژۆ کرا. ئەم پەیماننامەیە بووە هۆی دارِشتنەوەی سنووری تورکیا و بەم پێیە، هەرێمی ئاناتۆلیای باشووری ڕۆژهـەڵات، کە پێشتر درابوو بە ئەرمینیا، خرایەوە نێو چوارچێوەی سنووری تورکیا، تراقیای ڕۆژهەڵات و ئەزمیر، کە پێشتر بەشێک بوون لە یۆنان، بە هەمان شێوە خرانە سەر تورکیا.

بەپێی بەندی ١٤٢ی پەیمانی لـۆزان، دەبێ هەردوو وڵاتی یۆنان و تورکیا کۆچی زۆرەملێ بە هاووڵاتیان بکەن. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کۆچ بە ١.٢٥ ملیۆن یۆنانی لەو ناوچانە بکرێ کە خرانە نێو چوارچێوەی تورکیاوە، هەروەها ٥٠٠.٠٠٠ تورکی




سیڤەر نەخشەی ناوچەکەی دارشتەوە

نیشتەجێی یۆنانیش لەو ناوچانەی کەوتنە نێو یۆنانەوە، بۆ ناو تورکیا کۆچیان پێ کرا.

لە بەرانبەر واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزاندا، تورکیا دەستبەرداری بالاّدەستی بوو لە میسر و سودان بۆ شانشینی بەریتانیا و دودیکانیسیا و لیبیاش بۆ ئیتالیا و لوبنان و سوریا بۆ فەڕەنسا. شاراوە نییە بە هۆی پەرتەوازەیی کورد و یاریکردن بە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان لە لایەن تورکیاوە، کورد ئەو هەلە زێڕینەی لە دەست دا.

لـۆزان نەخشەی ولاّتـانـی لـەسـەر بنگەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە چوارچێوەی عێراق و سوریا و تورکیا و تەنانەت ئێرانیشدا دارشتەوە. کورد لەم میانەیەدا نەک هەر ئەو مافەی لێ سەنرایەوە، بەڵکو وەکو کۆڵۆنییەکیش ئەو مافەی نەدرایە. مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد بەم دابەشبوونە نەک ڕازی نەبووە، بەڵکو بەرگرییشی لە خۆی کردووە و شەڕی بەرگرییش ڕووی داوە. ئەم دابەشکردنە ناعادیلانە بووە و بنەمای چەند تاوانێکی گـەورەی سڕینەوەی نـەتـەوەی کـورد بـوو لە بۆتەی ئـەو دەوڵـەت-نەتەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابـەش کرا. بەرژەوەندییە ئابوورییەکان وایان لە ولاّتانی زلهێز کرد چاوپۆشی بکەن لەو هەموو کۆمەڵکوژییانەی بەرامبەر بە گەلی کورد کران.

## دوای سەد ساڵ

ئێستا دوای تێپەڕینی نزیکی ١٠٠ ساڵ بەسەر ئەو پەیماننامەیەدا، تورکیا نارەزایەتیی خۆی دەردەبڕێت و لەو بڕوایەدایە سیاسەتمەدارەکانی ئەوکات لاواز بوون و زۆر لەو ناوچانەی ئێستا لە چوارچێوەی سنووری ولاّتانی تردان، دەبێت بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر تورکیا.

لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئەنقەرە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦دا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆککۆماری


THE
TREATY OF PEACE
BETWEEN
THE ALLIED AND ASSOCIATED POWERS
AND
GERMANY,
The Protocol annexed thereto, the Agreement respecting the military occupation of the territories of the Rhine,
AND THE
TREATY
BETWEEN
FRANCE AND GREAT BRITAIN
RESPECTING
Assistance to France in the event of unprovoked aggression by Germany.
Signed at Versailles, June 28th, 1919.
[With Maps and Signatures in facsimile.]
LONDON: PRINTED AND PUBLISHED BY HIS MAJESTY'S STATIONERY OFFICE.
To be purchased through any Bookseller or directly from H.M. STATIONERY OFFICE at the following addresses: IMPERIAL HOUSE, KINGSWAY, LONDON, W.C.2, and 28, ABINGDON STREET, LONDON, S.W.1; 37, PETER STREET, MANCHESTER; 1, ST. ANDREW'S CRESCENT, CARDIFF; 23, FORTH STREET, EDINBURGH; or from E. PONSONBY, LTD., 116, GRAFTON STREET, DUBLIN.
1919.
Price 21s. Net.

سیڤر خەونی دەوڵەتی کوردیی زڕاند

تورکیا جارێکی دیکە پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ی خستە ژێر پرسیارەوە و باسی «ڕێسای نادادپەروەرانە» و «شکستێک بۆ تورکیا»ی کرد، وەک نموونەیەکیش، دوورگەکانی ئیجەی هێنایەوە کە بە بۆچوونی ئەو سەر بە تورکیان. سەرۆکی تورکیا ڕای گەیاند، هێشتا «ململانێیەکی زۆر لەسەر سنووری وشکانی و ئاسمانی و دەریایی هەیە.»

دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی یۆنان بۆ کاروباری دەریایی و سیاسەتی دوورگەکان، نێکتاریۆس سانتۆرینۆس، لە نامەیەکدا کە پێشکەشی پەرلەمانی کردبوو، نیشتەجێکردنی ٢٨ دوورگەی بچووکی لە دەریای ئیجە ڕاگەیاند، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و هۆشداریی بە یۆنانییەکان دا. ئەم ئاڵۆزییەی نێوان یۆنان و تورکیا و هەروەها بە کۆمەڵکوژی ناساندنی ئەرمەنەکان کە لە لایەن تورکیاوە کراون و سیاسەتی نوێی جیۆپۆلەتیک، بە شێوەیەکی زۆر لەبارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی لۆزان.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لە میانەی سەردانێکی عەبدوڵلا گویلی سەرۆککۆماری ئەوکاتی تورکیا بۆ سویسرا، پاسکال کوشێپینی سەرۆکی فیدراڵی سویسرا ئەو مێزەی پێشکەشی تورکیا کرد کە پەیمانی لۆزانی لەسەر واژۆ کرابوو.

دوای سەد ساڵ لە لۆزان، ئەگەرەکانی شەڕی جیهانی زیندوون و ئەو ناوچانەی کوردستانیان بەسەردا بەشبەش کراوە، دەبنە چەقی ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان. بێشک دابەشبوونی تازە دێتە کایەوە. تورکیای سەردەمی ئەردۆغان تەماحی لە فراوانخوازی هەیە، بەڵام کوردی ئێستا هەمان کوردی سەردەمی لۆزان نییە، ئێستا دەتوانێ ڕۆڵ ببینێ و لە پێگەی ئێستای زیاتر دەستەبەر بکات، بەڵام وەک چۆن داگیرکەر پلانی داناوە، لە بەرامبەر ئەمەدا کورد دەیەوێت پلانی خۆی هەبێت.

بۆ ئەم پرسە چارەنووسسازەی کورد، دەبێ پرسیار بکەین و نەخشەکەی ئەوسا بهێنینەوە بەرچاومان و بڵێین کاتی ئەوە هاتووە کورد لە گۆڕەپانی سیاسیی جیهاندا ڕۆڵ ببینێت. بەستنی کۆنگرەی ئامادەسازی بۆ ١٠٠ ساڵەی لۆزان، کە لە شاری لۆزان و لە هەمان شوێنی واژۆکردنی پەیماننامەکە، هەنگاوێکی گرنگە.

ئەو هەڵە مێژووییانەی کراون، دەبێت ڕاست بکرێنەوە. گەلی کورد توانیی شانبەشانی وڵاتانی زلهێز بەشدار بێت لە شەڕی دژ بە مرۆڤایەتیی

داعش و ئازایەتیی بێوێنەی نیشانی جیهان دا. هەموو ولاّتانی جیهان قەرزباری پێشمەرگە و شەڕڤانن. ئێمە دەبێت بە ستراتیجیەتێکی بەهێزەوە بچین و لە دەرگـای ولاّتـانی ناو نەتەوەیە کگرتووەکان بدەین بۆ دووبـارە پێداچوونەوە بە پەیماننامەی لۆزاندا. لەم سەد ساڵەی ڕابوردوودا چەندین ولاّتی نوێ دروست بوون و یەکێتیی سۆڤییەت هەڵوەشایەوە. کاتی بەرقەرابوونی مافی چارەنووسی کورد هاتووە، گەر لە دەستپێکیشدا تەنها بە ئۆتۆنۆمی، یان هەرێمی فیدراڵ بۆ هەر یەک لە بەشەکانی کوردستان دەست پێ بکات. بە شێوازی گونجاوی پێدانی مافی خۆبەڕێوەبردن، یان بەشداریکردنی ئارەزوومەندانەی کورد خۆی لە حوکمڕانیی ئەو ولاّتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

ئەم پێشەکییە مێژووییەم بۆیە باس کرد، چونکە گرنگە کورد بگەڕێتەوە سەر خاڵی سەرەتا و بزانێ تورکیا دوای سەد ساڵ بە نیازە چی بکات. بە بۆچوونی من، ڕازی نییە بە لۆزان و دەیەوێت داگیرکردن بەرفراوان بکات. لە بەرامبەر ئەوەشدا، کورد خۆی ئامادە کردووە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو غەدرەی لێی کراوە و لە دەرفەت دەگەڕێت ڕێڕەوی مێژوو بەپێی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێدانی مافی گەلان، ڕاست بکاتەوە، چونکە کاتێ بەپێی لۆزان کوردستان دابەش کرا، هیچ پرسێک بە خودی کورد نەکرا.

ئێستا قۆناغێکی نوێیە و کـورد بـەرەو ئامادەکاریی ئەو قۆناغە نوێیە، ڕێگەی جیاواز دەگرێتە بەر، یەکێک لە دەستپێکە گرنگەکان کۆنفرانسی ئەم جارەی لۆزان بوو بە ئامادەبوونی کوردی هەرچواربەشی کوردستان و نوێنەری هەرە

> کورد کوتلەیەکی دیارە و ناتوانرێ نادیدە بگیرێت. بۆ سەد ساڵەی لۆزان، کورد هەوڵەکانی دەست پێ کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەماکانی سێڤر و ڕاستکردنەوەی هەڵەی مێژوویی

زۆرینەی حزبە نیشتمانییەکانی کوردستان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش وەک هێزێکی کوردستانیی نیشتمانی، بەشدارێکی کارای کۆنفرانس بوو.

بە بۆچوونی ئێمە، سەرەتایەکی نوێ دەستی پێ کردووە بۆ گۆڕانکاری، بە تایبەتی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا. کورد کوتلەیەکی دیارە و ناتوانرێ نادیدە بگیرێت. بۆ سەد ساڵەی لۆزان، کورد هەوڵەکانی دەست پێ کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەماکانی سێڤر و ڕاستکردنەوەی هەڵەی مێژوویی بەرامبەر بە گەلانی ناو خاکی کوردستان.

بـۆ ئـەم نەخشەڕێگەیە، تێگەیشتن لە مـەرامـەکـان و مەبەستەکانی پشت ئەو ڕێککەوتننامانە گرنگن، بەبێ تێگەیشتن و شیکردنەوەیان، ناتوانرێت نەخشەڕێیەکی نوێ و بنەمایەکی پتەوی کارکردنی نیشتمانی دابڕێژرێت.

لە کۆنفرانسی سـەد ساڵەی لـۆزانـدا ئەو نەخشەیە دەچەسپێنرێت بە بەشداریکردن و ئامادەبوونی هێز و گرووپە نیشتمانییەکانی کوردستان.